# هونەرمەند سەید محەممەدی سەفایی

## (١٣١١ – ١٣٧٤ ی هەتاوی = ١٩٣٢ – ١٩٩٥ ی زایینی)

## لە "یووتیووب" دا

فیلمێکی کورتی سەر "یووتیووب" سەبارەت بە بەڕێکردنی تەرمی هونەرمەندی مەزنی کورد سەید محەممەدی سەفاخانە (سەفایی) هەژاندمی و بێ تاقەتی کردم. بەشی زۆری تەمەنی ٦٣ ساڵەی ئەو مرۆڤە هەڵکەوتووە لە خزمەت مۆسیقای کوردی و شادی و خۆشی و جەژن و هەڵپەڕکێی کورد لە تیکاب، سائینقەڵا، میاندواو، بۆکان، مەهاباد، سەقز، دیواندەرە و سلێمانی تێپەڕ بوو، لە خەڵکی ئەوهەموو شارانە و شار وگوندەکانی دیکەی کوردستان و لەو سەدان هەزار کەسەی وا بە گۆرانییە بە نەشە و بن بزۆکەکانی ئەو، هەڵپەڕین و کۆڕی داوەتیان بەست، تەنیا چەندکەسێک بەشداریی بەڕێکردنی تەرمەکەیان کردووە، کە وەک لە فیلمەکەدا دەبینرێت، ژمارەیان سەرجەم واهەیە لە ٥٠ کەس تێپەڕ نەکات!

خۆتان و ئینسافتان سەیرێکی ئەم فیلمە بکەن، تابووت و تەرمەکی هونەرمەند و ژمارەی ئەو خەڵکانە ببینن کە لە کۆچی بێ گەڕانەوەیدا بەڕێی دەکەن، ئەوجار بزانن ئێمە لە کوێی ئەم جیهانە وەستاوین و بە چەند ساڵی نووری دوای خەڵکانی دیکە دەژین! ئەوە فیلمەکەیە، کە تێکەڵاوێکە لە سێ چوار ڤیدیۆی جیاواز، واتە پوخت و پاک نییە. بەڵام دەستی ئەو کەسە خۆش بێت کە ئەو بەڵگە بەنرخەی بۆ تۆمار کردووین و لە سەر یووتیووبی داناوە بۆ ئەوەی چاومان پێی بکەوێت و شەرم بمانگرێت:

http://www.youtube.com/watch?v=qYLzLb1iTh4&feature=related

خاڵی سەرنج ڕاکێشی فیلمەکە بەشداری کردنی ژمارەیەکی بەرچاوی ژنانی چارشێوڕەشی سەقزییە لە ڕێ وڕەسمەکەدا و هاتنیانە بۆ بەر دەرگای ئەو مزگەوت یا ماڵەی وا تەرمەکە لەوێوە بەڕێ دەکرێت. سەفایی لە هەموو گۆرانییەکانیدا ڕووی قسەی لە ژنان و کچان بوو، بە باڵایدا هەڵدەگوتن و ڕێزی لێدەنان و دژ بەوە وەستا کە کیژی کورد بە زۆر بە مێرد بدرێت و گاڵتەی بەو "مێردەگوڵە" نابووتانە دەکرد کە بە زۆرەملی یا بە پارە، "شەنگەبیزا" ی بێ دەسەڵاتی هەژاریان لێ مارە کراوە. من ئەوە وەک سپاس و پێزانینی ژنان دەبینم و ڕەنگدانەوەی کارەکەش لە ئاکاری پیاوێکی کەیخودا دەردەکەوێت کە لەماوەی کورتی چەند خولەکیی فیلمەکەدا دووجار بەرەنگاری ژنەکان دەبێتەوە و ئیجازەی بەشداری کردن لە ڕێ وڕەسمەکە و بەجێ هێنانی دابی ئازیەتبارییان پێ نادات.

لێرەدا، بە یارمەتی یووتیوب، سەرەتا ڤیدیۆیەک دەبینن کە تێیدا ژیینامەیەکی کورتی هونەرمەند سەفایی ئامادە کراوە، پاشان چەند گۆرانییەک، ئینجا قسەکانی سەفایی سەبارەت بە حەسەن زیرەک، پاشان فیلمی نەخۆشی هونەرمەند، لە درێژەیدا ڤیدیۆی بەڕێکردنی تەرمەکەی و لە کۆتاییشدا چەند ووتەی

*هونەرمەند عەینەدین سەبارەت بە سەفایی (هەوڵم دا بۆچوونی خەڵکانی دیکەش سەبارەت بە سەفایی لە یووتیووبدا بدۆزمەوە بەڵام هیچم دەست نەکەوت. تکایە ئەگەر ڤیدیۆی زیاتر هەبوو ئاگادارم بکەنەوە با لەم لیستەیەی زیاد بکەم):*

# ڤیدیۆی سەبارەت بە

# "سەیید مەحەممەدی سەفایی"

# لە یووتیووب دا

**<u>ئا. ژیننامەی سەفایی:</u>**

http://www.youtube.com/watch?v=Ge2Us0UCWZU&feature=related

**<u>ب. چەند گۆرانییەکی سەفایی:</u>**

ئەم چەند گۆرانییە بە هاوکاری هونەرمەندی پایەبەرز عوسمانە سوور و نەمر عەبەچکۆل، لە باخێکدا تۆمار کراون کە لام وایە باخی گوندی سەرا بێت لە نێوان بۆکان و سەقز. بە داخەوە ئێستا عەبەچکۆل کۆچی دوایی کردووە و هیوادارم کاک عوسمانە سوور تەمەنی درێژی هەبێت. ئەرکێکی پێویستی هەموولایەکمانە ژیننامە و کارە هونەرییەکانی ئەو دوو هونەرمەندەش واتە مامۆستایان عەبە چکۆل و عوسمانە سوور تۆمار بکەین و خەڵکانی شارەزای مۆسیقا لەگەڵ کاک عوسمان وتوویژ ڕێک بخەن و بۆچوونەکانی لەمەڕ مۆسیاقای کوردی و بیرەوەرییەکانی لە کاری هونەریی خۆی و هونەرمەندانی تر تۆمار بکەن.

نازانم کێ گۆرانییەکانی لەسەر یووتیووب داناوە، بەڵام هەرکەسێکە دەستی خۆش بێت و هیوادارم مۆڵەتی ئەوەم پێ بدات لێرەدا ئاماژەیان پێ بکەم.

**ئەوە گۆرانییەکانن:**

١. کۆرپەکەی قەد باریک:

http://www.youtube.com/watch?v=DtyH0WEz0cE&feature=related

٢. مینا، خانم مینا:

http://www.youtube.com/watch?v=ljqndbZV8cg&feature=related

٣. کەومل باوانم:

http://www.youtube.com/watch?v=Rc7SsrVTAG0&feature=related

٤. گەردوون، گەردوون، گەردانە:

http://www.youtube.com/watch?v=9ye77ZoI0OU&feature=related

٤. ئەی بۆ هەڵلامە، شیرین هەڵلامە (لە سەر ئەم ڤیدیۆیە و ڤیدیۆکەی پێشتر ژمارەی ٤ دانراوە) :

http://www.youtube.com/watch?v=V6wJvdGQ8Zo&feature=related

٥. باوانم، باوانم:

http://www.youtube.com/watch?v=uJWi7KKFw10&feature=related

٦. لۆرکی و لۆرکێ:

http://www.youtube.com/watch?v=BcV4FZQaKtA&feature=related

٧. هۆوەی گوڵێ:

http://www.youtube.com/watch?v=hoxO64VMa8w&feature=related

٨. کۆڵان بە کۆڵان، جادە بە جادە:

http://www.youtube.com/watch?v=fGBSUZY5oFI&feature=related

٩. تەنکێ وەی تەنکێ:

http://www.youtube.com/watch?v=raK63YTaC7g&feature=related

١٠. سەڵتەنە:

http://www.youtube.com/watch?v=9fr-OCN8c0E&feature=related

١١. ڕۆینە، گویلم ڕۆینە (بە کوردی و تورکی ئازەربایجانی):

http://www.youtube.com/watch?v=oGJ7MdVwCcc&feature=related

## پ. سەفایی بە سەر بۆکاندا هەڵدەڵێت:

http://www.youtube.com/watch?v=9ye77ZoI0OU&feature=related

## ت. سەفایی سەبارەت بە حەسەن زیرەک قسە دەکات

ئەو ڤیدیۆیەکی سەر یووتیووبە. من خۆم دووجارم گوێ داوەتێ، بەڵام بەداخەوە ئێستا هەرچی دەگەڕێم نایدۆزمەوە. با خوێنەر زەحمەت بکێشێ و ئەگەر چاوی پێی کەوت ئاگاداری منیش بکاتەوە.

وێدەچێت ڤیدیۆکە لە سەردەمی نەخۆشی و کۆتاییەکانی ژیانی سەفاییدا تۆمار کرابێت.

**<u>ج. کۆچی دوایی هونەرمەند لە شاری سەقز</u>**

بەداخەوە ئەم ڤیدیۆیەش بە باشی تۆمار نەکراوە و تێکەڵاویکە لە چوار بەشی جیاواز: بەشی یەکەمی گۆڕانییەکی هونەرمەند خۆیەتی (خانەمیری)؛ لە بەشی دووهەمدا هونەرمەند لە جێگەدا کەوتووە و خەڵکانێک دێن بۆ سەردانی؛ بە ڕەنگ و ڕوخسار وکەوتنی ناو جێگەدا دوور نییە نەخۆشیی سەرەمەرگی هونەرمەند بێت. ڕێکەوتی فیلمەکەش بەگوێرەی نووسراوەی لای دەستەچەپ، ١٩٩٥/٨/١٣ ە. ئینجا لەبەشی سێهەمدا، ڕێ وڕەسمی بەڕێکردنی تەرمەکەی دەردەکەوێت کە لە مزگەوت یا خانووبەرەیەکی هەژارانەوە دەیهێننە دەر و دەیبەنە سەر جادە بەرەو گۆڕستان؛ ڤیدیۆکە درێژەی ڕێ وڕەسم و ناشتنی تەرمەکەی تێدا نییە کە دووری نازانم ژمارەی خەڵک تا ئەو کاتە زیادی کردبێت؛ ڕێکەوتی ئەو فیلمەش **١٩٩٥/٩/٩** ە و ئەگەر زانیاری سەر کامێراکە هەڵە نەبێت، دەبێ ڕێکەوتی کۆچی دوایی هونەرمەندیش هەر ئەو ڕۆژە بێت.

خەڵکانێک کە لەگەڵ تەرمی سەفایین، خەڵکی ئاسایی و زەحمەتکێشی سەقزین و ژمارەیەک کورەلاویشیان لەناودا دەبینرێت کە تەرمی هونەرمەندیان لەسەرشان داناوە. ژمارەی ژنانی بەشداربوو لە ڕێ وڕەسمەکە گەلێک بەرچاوە.

http://www.youtube.com/watch?v=A0PRPQPCVHI&feature=related

**<u>د. هونەرمەند عەینەددین سەبارەت بە سەفایی دەدوێت:</u>**

http://www.youtube.com/watch?v=qhiF2s36jBU&feature=related